گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 12, No. 3, pp. 593–603, July-September-2024.
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 26644681
journals.uoz.edu.krd

# ڕۆڵی خواوەندەکان لە دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقی کۆندا

حسن قادر محمود *
بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە-هەرێمی کوردستان-عێراق.
( Hassanqadir@uor.edu.krd)

تاريخ الاستلام: 2023/11 تاريخ القبول: 2024/03 تاريخ النشر: 2024/08 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2024.12.3.1355

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(ڕۆڵی خواوەندەکان لەدەسەڵاتی سیاسی لە عێراقی کۆندا) تیشك دەخاتە سەر لایەنی ئایینی لە عێراقی کۆندا، لەگەڵ دەرخستنی کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئایین لەسەر پاشاکان و سیستەمی سیاسی لەم شارستانیەتەدا، بۆیە گومان لەوەدا نیە ئایین ڕۆڵێکی دیار و کاریگەری هەبوو لەسەر سیستەمی سیاسی شارستانیەتی عێراقی کۆن لە قۆناغە مێژوویە یەك لە دوای یەکەکان، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتداران سودیان لە ئایین وەرگرتووە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و گرتنە دەستی دەسەڵات بەبیانوی هەڵبژاردنیان لەلایەن خواوەندەکانەوە کە لە ئاسمانەوە دەسەڵاتیان بۆ هاتۆتە خوارەوە، جگە لەوەش دەتوانین بڵێین لە ڕێگەی ئایینەوە زانیاری باشمان دەست بکەوێت لەسەر سیاسی ئەم شارستانیەتە. توێژینەوەکە پێکدێت لە پێشەکی و سێ باس و لیستی سەرچاوەکان، باسی یەکەمدا باس لە ئایین دەکەین، لە باسی دووەمدا تیشك خراوەتە سەر گرنگترین خواوەندە کاریگەرەکان لە عێراقی کۆندا، باسی سێیەم تەرخان کراوە بۆ ڕۆڵی خواوەندەکان لەناو دەسەڵاتی سیاسی عێراقی کۆندا، ئەمە سەرەڕای خستنە ڕووی گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە.

**کلیلی وشەکان:** ئایین، خواوەندەکان، سیاسی، پیرۆزی، پاشاکان.

## 1. پێشەکی

ئایین یەکێکە لەلایەنە پێکهێنەرەکانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی و عێراقی کۆن، پەیوەندیەکی بەهێزی بەمرۆڤەوە هەیە و کاری کردۆتە سەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤەکان بەدرێژایی مێژوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دامەزراوە ئایینیانەی سەرکردایەتی کۆمەڵگە مرۆیەکانیان دەکرد هەوڵیانداوە ئایین بکەنە بناغەیەك یان ببێتە یاسایەك و زۆربەی لایەنەکانی سیاسی کۆمەڵگای لەسەر بنیات بنرێت، لەبەرئەوە هۆکارێکی بنەڕەتی و کاریگەرە لەداڕشتنی ژیانی مرۆڤ و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی لایەنی سیاسی لەم شارستانیەتەدا کاریگەریەکانی زۆر بە ڕوونی بەدیار دەکەوێت.

2.1. ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە: بێگومان هەر توێژینەوەیەك ئامانج و گرنگی خۆی هەیە، ئامانجی ئەو توێژینەوەیەش دەرخستنی کاریگەری و ڕۆڵی ئایینە لەسەر شارستانیەتی عێراقی بە شێوەیەکی زانستی و وورد، لەگەڵ خستنەڕووی کاریگەری ئایین لەسەر لایەنی سیاسی و ڕەفتاری فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارەکان، بۆیە هەوڵ دراوە لەچوار چێوەی ئەو توێژینەوەیەدا بەناونیشانی (ڕۆڵی خواوەندەکان لەدەسەڵاتی سیاسی لە عێراقی کۆندا) سەرجەم لایەنەکانی دیاریکردنی پاشا و بەڕێوەبردنی وڵات لەڕووی ئایینیەوە بخەینە ڕوو، جگە لەوەش پێگە و گرنگی ئایین دەر دەخات لە سیاسەتی وڵاتدا لە شارستانیەتەکەدا.

3.1. سنوری توێژینەوەکە: توێژینەوەکە باس چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئایین و بیروباوەڕی لە عێراقی کۆن دەکات، بە وەرگرتنی چەند نمونەیەك لەشارستانیەتەکانی(سۆمەری، ئەکەدی، بابلی، ئاشوری) کە لە ناوچەکەدا ژیاون.

4.1. میتۆدی توێژینەوە: چەند میتۆدێکی جۆراو جۆری مێژوویی لە نوسینەوەی توێژینەوەکەدا پەیڕەو کراوە بەتایبەتی میتۆدی وەسفی و کۆکردنەوەی سەرچاوەکان و گواستنەوەی زانیاریەکان و بەراوردکاری و شیکارکردنەوەیان بەئەندازەی تێگەیشتن لەو بابەتە، خستنەڕووی دید و بۆچوونی خۆمان لەسەر بابەتەکە لەتوێژنەوەکەدا.

5.1. پێکهاتەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دەرەنجام و و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی بابەتەکە بەهەر دوو زمانی کوردی و ئینگلیزی، لە سێ باسی سەرەکی پێکهاتووە، بەشێوازەی خوارەوە: لە باسی یەکەمدا باس لە (ئایین) بەگشتی کراوە، لە باسی دووەمدا (گرنگترین خواوەندە کاریگەرەکان لە عێراقی کۆندا) دەخەیتە ڕوو، لە باسی سێیەمدا (ڕۆڵی خواوەندەکان لەناو دەسەڵاتی سیاسی عێراقی کۆندا) دەدوێین.

## 2. ئایین

ئایین چەندین پێناسە هەیە، لە ڕووی زمانەوانیە ئایین بەوە پێناسە دەکرێت کە گوێڕایەڵیەو بە مانای دەست گرتن و حوکم کردنیەتی، یاخود گوێڕایەڵی گشتیە لە خوگرتن و دروست بوون (ابن منظور، 1303هـ : 24-30).

لە ڕووی دەستەواژیەوە تێڕوانینی جیاواز هەیە لە نێوان قوتابخانە بیری و فەلسەفیەکان، بیرو بۆچوونیان جیاوازە بۆ ئایین بە شێویەکی گشتی، لەبەرئەوە قورسە بتوانیت

*ڤەکولەرێ بەرپرس.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

بۆچونێکی گشتی وەربگریت لەبارەی ئایینەوە لە سەرجەم قوتابخانەکاندا، بۆیە پێویستە بەشێك لەو پێناسانە بخەینە ڕوو کە لەلایەن قوتابخانە بیریەکانەوە تایبەت کراوە بە ئایین (محمدسعید، 2022: 70)، واتا ئایین پێکهاتووە لە باوەڕ و گوێرایەڵی کردنێکی گشتگیر و کارکردن پێی و باوەڕبوونە بە بنەما سەرەکییەکانی ئایینەکەی، هەروەها وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ ڕێکخستنی تاکەکانی کۆمەڵگا و پابەند کردنیان بە یاسا ئایینییەکانەوە (صليبا، 1982: 572).

فەیلەسوفی ئەڵمانی فریدیك ئەنجلس لەبارەی ناساندنی ئایین دەڵێت ناکرێت بڵێین بیرکردنەوەیەکی وردە، بەڵکو دروست بووە لە بیری مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لەو هێزە سروشتیە دەرەکیانەی کاریگەریان لەسەر ژیان هەبووە و کۆنترۆڵی ژیانی مرۆڤیان کردووە (الروس، 2007: 522-523)

زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی أمیل دوورکایم ئایین لە ڕووی کۆمەڵایەتی بەوە پێناسە دەکات کە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیە و دەسەڵاتی هەیە بەسەر جیاکاری لە نێوان پیرۆزی و نا پیرۆزیەکان، یاخود ئایین چەند لایەنێکی هەیە، یەکێکیان بریتیە لە گیانێکی تەواو لە بیرو باوەڕ و دروشمە مرۆڤایەتیەکان، ئەوەی تریان بریتیە لەلایەنی بیرۆزی داب و نەریتەکان (النشار، 2014: 20).

هەروەها قوتابخانە دەرونیەکان دەربارەی لێکۆڵینەوە لە ئایین لە تێروانی زانا دەروناسەکانەوە، بیروباوەڕی ئەم قوتابخانەوە جیاوازە، و جیاوازی هەیە لە بۆچوونی زاناکان لە بارەی ئایینەوە، هەندێك لە زانا دەروناسەکان دەربارەی ئایین دەڵێن پەیڕەو کردنی پیرۆزی و دروشمە ئایینەکانە یان پەیڕەو نەکردنیانە، یاخود ئایین هۆکارێکە لە هۆکارەکانی کێشە دەرونیەکان و لە هەمانکاتدا دەبێتە چارەسەرێك بۆ ئەو کێشانەی لە دەروونی مرۆڤدا دروست بوون، ئەمەش تێروانینێکی جیاوازە لەو دوو تێروانینەی پێشوو کە باسکراوە(محمدسعید، 2022: 71).

سیغموند فروید ئایین بەوە پێناسە دەکات کە بریتیە لە دووپات کردنەوەی ئەو بیرو باوەڕانەی پەیوەندیان بە ڕاستیەکانی جیهانی دەرەکی یان ناوخۆیەوە هەیە، ئەم بیرو باوەڕانە بۆ زانینی ئەو لایەنە شاراوانەیە کە بە تەواوەتی دەرنەکەوتوون لە ڕێگەی باوەڕەوە داوا دەکرێن، ئەوە بیرکردنەوەی ئەم زانایە بە دانانی سنورێك بۆ ئایین بە کۆمەڵێك بیرکردنەوە لە بارەی مرۆڤ و پەیوەست کردنی بەبیرکردنەوەکانی بە جیهانی دەرەوە (هەموو ئەو بابەتانەی لە دەرەوەی مرۆڤ بونیان هەیە یان لە ناوەوەی مرۆڤ جا دەرکەوت بێت یان دەرنەکەوتبێت)، بەستراوەتەوە بە بیرکردنەوەی مرۆڤ و شیکردنەوەی (الخشت، 2010: 16-25).

ئایین بەشێکی گرنگ و کاریگەر بووە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و بەشداری بەردەوامی لە کار و چالاکییەکانی مرۆڤدا هەبووە (سليمان، 1983: 208)، شارستانیەتە کۆنەکان بە تەواوی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئایینی و خواوەندەکان و پەرستگاکان ڕۆڵی سەرەکییان گێراوە (باقر، 1946: 1)، بەهۆی گرنگی ئایین توێژەران بەردەوام لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی جۆراو جۆریان بۆ کردووە، لەو چوارچێوەیەشدا چەندین پێناسەی تری بۆ کراوە، زۆربەیان پێیان وایە، ئایین لە گرنگترین ئەو بنەمایانەیە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەسەر دروستبووە و بەهۆیەوە پەیوەندیەکی بەهێز پێکهاتووە یا ئەو هێزە دەروونیە تایبەتیە لەئەنجامی هەندێك ناوو هێمای جیاواز گوزارشتی لێکراوە مرۆڤ ویستویەتی بەهۆیەوە بگاتە نهێنییە شاراوەکان(الساموك، 2002: 23).

دەربارەی ئەو دەستەواژانەی بۆ ئایین بەکارهێنراون لە شارستانییەتیە کۆنەکاندا جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە، دەرکەوتنی ئایین و پەیوەست بوونی مرۆڤەکان پێوەی لەسەر زەوی هەر لەگەڵ دروستبوون و دەرکەوتنی مرۆڤ بووە، ڕوخسارێکی نەزانراوی هەبووە لە سەرەتادا لە ڕووی هۆکاری پەیوەست و بڵاوبوونەوەی، پاشان پشت بەستن و ڕادەی باوەڕکردنی کەسەکان لە ناخی مرۆڤەکاندا سەرهەڵدەدات و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵسوکەوتەکانی دەبێت (رشيد، 2004: 85)، ئایین فەرهەنگێکی سەرنج ڕاکێشە کورت دەبێتەوە لە بیروباوەڕی بڕوادار و کۆی ئەو ئایینانەی لە جیهاندا بوونیان هەبووە و دەبێت (الوجيز، 2009: 241)، ئایین بە واتا فەرهەنگییەکەی ڕاستگۆیی دەگەیەنێت لە پەیامەکانی خواوەندەکان بۆ باوەڕداران، خۆی دەبینێتەوە لە پاداشت و سزا لە بەرامبەر کردەوەکانیان، ئەمەش بە یەکێك لە خاسیەتەکانی خواوەند دادەنرێت (ابن منظور، 1303هـ : 24-30)، بیروباوەڕ و پەرستش و پیرۆزییە ئایینیەکان بەشێکی گرنگ بوون لەژیانی گەلە کۆنەکان و شوێنەوارێکی ڕوون و ئاشکرایان لە چارەنوسی شارستانییەتەکاندا هەبووە (باقر وآخرون، 1980: 5)، سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی ژیان و بارودۆخ و زانیاریی ئەم گەلانە، بیروباوەڕی ئایینی وەك نەخشەیەك وایە لە بیرکردنەوە و جێبەجێکردن و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ بەتایبەت لەڕوی داب و نەریت و یاساکان و هێزو توانا و گرنگییەکەی (رشيد، 2004: 85)، بایەخی لەو هۆکارانەدا دەردەکەوێت کە کاریگەرییان لەسەر ژیان و پێشکەوتنی شارستانیەتەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەیە (قاشا، 2010 : 132)، چونکە لە ئەنجامی ئەو پاشماوە شوێنەوایانەی لە پەستگاکان دۆزراونەتەوە دەرکەوتووە کە لایەنی ئایین پەرستگاکان هۆکارێکن بۆ دەستکەوتنی زانیار دەربارەی ئەم شارستانیەتە.

بیروباوەڕە ئایینییەکان لە بیروباوەڕی خەڵکەوە سەریانهەڵداوە و دیاردەی لاسایی کردنەوەی زارەکی بەدی دەکرێت، بەشی فۆلکلۆری لە هەموو بابەتە ئەندێشەییەکانیاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە وەك لایەنی ژیانی و کشتوکاڵی و ئەدەبی بە شێوەیەکی ئەفسانەیی (دیاکوف-کوفاليف، 2000: 110)، کاریگەریی ئەمەش بە ڕوونی لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤی سەردەمە کۆنەکان، و ئەفسانە ئایینیە جیا جیاکان بەتایبەت ئەفسانەی دروستبوون وێنەی خواوەندەکان دەردەکەوێت، دەنوێنێت کاتێك لە ململانێ و شەڕی بەردەوامدا بوون (شاكر، 2000: 24-25).

ئایین ڕەنگدانەوەی نائاگایی مرۆڤە لە کۆمەڵگادا و بیرکردنەوەی جیاوازیی مرۆڤەکانە لەو بوارەدا گەلە کۆنەکان لکاندویانە بە سروشتەوە، و پابەند بوون پێوەی پێیان وابوو لە دەرەوەی توانای مرۆڤە، و ناتوانن بیخە ژێر ڕکێفی خۆیان و مامەڵەی پێوە بکەن، بوونی ترس لای مرۆڤ لە کۆندا و هەوڵدانی بۆ دەرچوون لەو ترسە لەڕێگەی پەرستنی خواوەندەکان بووە، دەرکەوتنی دیاردە سروشتییەکان وەك (ئاسمان و زەوی و ئەستێرە و خۆر و مانگ ...هتد) کاریگەریی گەورەی لەسەر دەرکەوتنی بیروباوەڕی ئایینی هەبووە، وەك شتێکی نامۆ سەیریان کردوون و بۆیە بیریان لە پەرستنیان کردۆتەوە (دغيم، 1995: 96)، لە سەرەتادا مرۆڤ پێی وابوو

سروشت لە ژێر ڕکێفی هێزێکی گەورەدایە لە سەروی توانای مرۆڤە و پەرستنی ئەو هێزە لە بەرژەوەندی مرۆڤە (احمد، 1986: 107-108)، بیروباوەڕیان بەجۆرێك بووە كە دار و بەرد و ئەشكەوتەكان ڕووحیان هەبووە (بركلمان، 1968: 24).

پەرستگا و زاڵبونی پەرستگا بەیەكێك لە بەڵگە گرنگەكان لە مێژووی ئەم وڵاتە دادەنرێت لە بوارەكانی (ئابوری، كۆمەڵایەتی و سیاسی)دا، و یەكێكیشە لە پایە سەرەكییەكانی دروستبوونی شارستانییەتەكان لەو ناوچانەدا، جێگیربوونی ئایین لە ژیانی ڕۆژانەی ئەم وڵاتەدا بە ڕوونی دیارە لە سەردەمە كۆنەكاندا لە زۆربەی نوسراو و دەقە مێخیەكاندا باس لە پیرۆزی خواوەندەكان و پەرستگاكان كراوە و بە جێگەیەكی پیرۆزی ئایینی ناسراون و باسیان لێوەكراوە (میغولفسكي، 2009: 23).

ئایین ڕۆڵێكی دیاری لە ژیانی سیاسی عێراقیە كۆنەكاندا گێڕاوە، ئەو ئایینانەی لەو شارستانییەتەدا بوونیان هەبووە ئەو بیروباوەڕانە بووە كە(سۆمەرییەكان)[1] (2900-2371 پ.ز ) و (ئەكەدییەكان)[2] (2371-2230 پ.ز) و (ئاشورییەكان)[3] (2004-612 پ.ز) و (بابلیەكان)[4] (2004_539 پ.ز) پەیڕەویان كردووە، دواتریش لە لایەن ئەم گەلانەی كۆچیان كردووە بۆ ناوچەكانی ئەم وڵاتە جێگیربون وشارستانییەتی تایبەت بە خۆیان لەوناوچانەدا دامەزراندووە وەك (ئارامی)[5] و (كلدانییەكان)[6] (626-539 پ.ز) ئەوانە سەرەڕای وەرگرتنی بیروباوەڕی ئایینی ناوچەكە، ئایین و پەرستش و خواوەندی تایبەت بە خۆیان هەبووە (بوتيرو، 2005: 215).

مرۆڤ لە هەر شوێنێك بووبێت پابەند بوونی گشتی و بەردەوامی بەبوونی خواوەندەكان هەبووە، بە جۆرێك لە كۆمەڵگا سەرەتاییەكاندا پەرستگا ڕۆڵێكی كاریگەریی لە ڕێكخستن و بەڕێوەبردن گێڕاوە، كە بە ڕوونی ئەنجام و كاریگەریی دەركەوتووە (رو، 1986: 128)، مرۆڤی كۆن بەشێك بووە لە كۆمەڵگا و كۆمەڵگاش بە شێوەیەكی جێگیر و سروشتی پابەند بووە بە هێزە گەردوونییەكانەوە، تێگەیشتنی مرۆڤ دەربارەی خواوەندەكان بە شێوەیەك بووە كە ئەوان چارەنووسیان دیاری دەكەن، و لە ناخۆشی و نەهامەتی دەیان پارێزن و سودیان پێدەگەیەنن و لە كارە چاكەكاندا یارمەتیان دەدەن (فرنكفورت وآخرون، 1980: 14-15)، یەكەمین بیروباوەڕی ئایینی خۆی دەبینێتەوە لە پەرستنی ئەو خواوەندانەی كە پەیوەندیان بە دیاردە سروشتییەكان و كاریگەریی لەسەر بەرهەمهێنان و بیركردنەوەیان هەبووە (الشيخلي، 2014: 13).

دەتوانرێت بوترێت ئایین هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە بوونی هەبووە، و لەگەڵ دەركەوتنی شارستانیەتی پتر گەشەی كردووە و بووە بە بەشێكی گرنگ و كاریگەر و كارا، و بەشداری بەردەوامی لە كار و چالاكییەكانی مرۆڤدا هەبووە، بەشێك لە شارستانییەتە كۆنەكان بە تەواوی كەوتونەتە ژێر كاریگەریی ئایینی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دیاری لەسەر چالاكی سیاسی و ئابوری و یاساییەكانیان دروستكردووە، دانیشتوانی عێراقی كۆن وەك بەشێكی گرنگ لە شارستانییەتە كۆنەكان كەوتونەتە ژێر كاریگەریی ئایینی و ملكەچ بوون بۆ پیرۆزی و فەرمانە ئایینیەكان و خواوەندەكانیان.

### 3. گرنگترین خواوەندە كاریگەرەكان لە عێراقی كۆندا

خواوەندەكان پێگەیەكی بەرزیان هەبووە لە پێكهاتەی بیرو باوەڕی دانیشتوانی عێراقی كۆن بەپلەی یەكەم هێما بوون بۆ دەسەڵاتی سیاسی جگە لەوەش هێمایەك بوون بۆ دەسەڵاتی ئایین، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ ئەو دەقە مێخیانەی كە دۆزراونەتەوە و مێژووەكەیان دەگەڕێنەوە بۆ نیوەی یەكەم هەزارەی سێیەمی پێش زاین كە قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵاتی (سۆمەریەكان)ە لە پیاوانی ئایینی لە پەرستگاوە بۆ كۆشكی پاشایەتی و دەسەڵاتی سیاسی، چونكە لەو دەوڵەتە شارەكان پێویستیان بەسەركردەیەكی سەربازی بووە بۆ پاراستنی سنورەكانیان زەویە كشتوكاڵیەكان، ئەم گۆڕانكاریەش بوە هۆی دەركەوتنی خواوەندی تازە كە هێمایەك بووە بۆ دەسەڵاتی سیاسی، ئەم خواوەندانەش تایبەت بوون بە لایەنێك بۆ بەدیهێنانی خواستەكانی خواوەندە سەرەكیەكان(رشيد، 1985: 161و 174).

سەرەڕای ئەوەی خواوەندەكان لە شارستانیەتە كۆنەكان بە گشتی و عێراقی كۆن بە تایبەتی گرنگی و كاریگەریی هەبووە، لە زۆربەی چیرۆك و ئەفسانەكانی عێراقی كۆن باسی لێوەكراوە، ئەو چیرۆكانە دەرخەری ڕاستی بارودۆخی ئەم وڵاتەن لە ڕووی ئایینییەوە، باسیان لە ڕۆڵ و گرنگی ئایین لەسەرجەم لایەنەكانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ لەم شارستانیەتەدا كردووە، باس لە ڕووداو و هەڵسوكەوت و بیركردنەوەی تاك و كۆمەڵ بەشێوەی ئەفسانەیی كراوە تێكەڵ بە لایەنی ئایینی كراوە (عبدالمحسن، 2015: 28)، چیرۆك كاریگەریی بەرچاوی لە ئەدەبی شارستانیەتی عێراقی كۆن هەبووە، دانیشتوانی كۆنی ئەو ناوچانە ژیانێكی سەخت ژیاون و سەرقاڵی ژیانی دونیایی بوون، لەسەرەتای شارستانیەتەكەدا بیرێكی ڕوونیان لەسەر ژیانی دوای مردن و جیهانی دووەم نەبووە (باقر، 1976: 69 و 173).

تێگەیشتن و پابەند بوونی مرۆڤ لەم شارستانیەتەدا بۆ خواوەندەكان بەجۆرێك بووە كە پەیوەندی لەنێوان دروستكراوە سروشتیەكان و خواوەندەكان هەبووە، لەبەرئەوە هەوڵیانداوە لە ڕێگەی پەرستن و پێشكەشكردنی خواوەندەكان خۆیان لە ڕووداوە سروشتی و مەترسیەكان بپارێزن (جواد، 1999: 150)، ئەمەش بووە هۆی تێگەیشتنێكی باش لەنێوان مرۆڤ و سروشتدا هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ گیانی كردوە بە بەر شتەكاندا، وەك گیاندار سەیری دیاردەكانی كردون، بەو هۆیەوە ترس و بۆشایی دروستكردوە وەك ئەوەی لە ئەفسانەكاندا باس دەكرێت مرۆڤی سەرەتایی تێڕوانینی بۆ ڕوداوەكان و شیكردنەوەیان بە جوڵانەوەكی پێویستی داناوە لە تێگەیشتن بۆ سروشت، پێی وابوو خواوەندەكان لە پشت ڕووداوە سروشتییەكانن (فرنكفورت وآخرون، 1980: 16).

ئەو بیرو باوەڕە ئایینیەی سۆمەریەكان هەیانبووە لە داستان و ئەفسانەكانیاندا زۆر باسی ڕۆڵی خواوەندەكان كراوە بەهۆی زۆری ژمارەی خواوەندەكانیان كە تاوەكوو ئێستا بە تەواوی ناو و ژمارەیان نازانرێت، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە كە هەرخواوەندێك بەرپرس بووە لە دیاردەیەك و لە بابەتێكی دیاریكراو گرنگی پێدراوە(فوزي، 1985: 148-149)، هەروەها سەرهەڵدانی بیری ئایینی زۆری ژمارەی خواوەندەكان لای سۆمەریەكان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە هەر لە سەرەتاوە لەو ناوچانەی تێیدا نیشتەجێبوون خەریكی ژیانی كشتوكاڵ و پیشەسازییە دەستیەكان بوون و ئەو ڕوودا و مەترسییانەی بۆیان دروستبووە لەگەڵ سروشتدا لە ئەنجامی

گۆڕانی کەش و هەوای ئەو ناوچانەدا ڕووی دەدا بووە هۆی دروستبوونی بیری ئایینی (سلیم، 2007: 321)، ئەمە وایکردووە دانیشتوانی عێراقی کۆن سروشت بپەرستن و بە پیرۆز و گرنگ تەماشای بکەن(باقر، 2012: 305).

بەڵام ڕایەکی تر هەیە دەڵێت بەپێی ئەوەی لە داستانی (گلگامش)[7] هاتووە خواوەندەکان لە پێش مرۆڤ بونیان هەبووە، زەوی و ئاسمان لەسەرەتادا پێکەوەبوون و بەر لەدروستکردنی مرۆڤ لەیەکتری جیا بوونەتەوە و قۆناغەکانی دروستکردنی مرۆڤ دەستی پێکردووە، دوای جیکردنەوەکە ئاسمان کەوتۆتە دەست خواوەند (ئانو Anu) خواوەندی ئاسمان، خواوەندی (ئەنلیل Einlil) خواوەندی زەوی بووە،ئەمە سەرەتای دامەزراندنی شارستانیەت بووە(کریمر، 1971: 185)، سۆمەریەکان ئەم خواوەندانەیان پەرستووە لە هەزارەی (3 پ.ز) وەك خواوەندی گەورەی ئاسمانەکان و خواوەندی زەوی (Van buren, 1943: 318).

لەم شارستانیەتەدا لە سەردەمە کۆنەکاندا خواوەندی مانگ (سین Sin) یان پەرستووە کە سێکوچکەیەکیان دروستکردووە لەگەڵ هەردوو خواوەند خۆر (اوتوUtu = شەمس) خواوەندی هەورە بروسکە و باران (ئەدد Add) پەیوەندیان لەگەڵ خواوەند جوانی و خۆشەویستی وشەڕ(عەشتارAshtar) بەستووە، لە ناو ئەوانەدا خواوەندی (ننا) خواوەندی دەسەڵات بووە(الأحمد،2013: 29)، وا دانراوە خواوەندی مانگ باوکی خواوەندی خۆرە، خواوەندی (عشتار) وێناکراوە بە ئەستێرەی درەوشاوە (کریمر، 1973: 163)، سۆمەرییەکان ژمارەیەکی زۆر خواوەندیان هەبووە بۆ پەرستن و نزیکن لە یەکدییەوە، لای سۆمەرییەکان خواوەندی مانگ بە ناوی (نانا Nanna) ناسراوە، هەروەها خواوەندی خۆر بە ناوی خواوەند (اوتو) ناسراوە، خواوەندی مانگ جێگەیەکی گەورەی هەیە لای بابلیەکان خواوەندێکی دەست بەسەرە و لە ناو دانیشتوانی باشوری عێراق لە هەمان پێگەی خواوەندی خۆردایە، چونکە ڕووناکی دەبەخشێت، مانگ چەند نازناوێکی هەبووە، لەوانە زانا و پیرۆز و ڕاستگۆ و دادپەروەر و پارێزەر (نعمة، 1994: 277-278)، هەروەها خواوەندی خۆریش لە لای دانیشتوانی ناوچەکە پلەیەکی بەرزی هەبووە و پێیان وابووە ئەم خواوەندە نێرە (سالم، 2006: 461-462)، جگە لەوەش لای سۆمەرییەکان خواوەند (انانا Inanna) پەستراوە، هەروەها خواوەندی ئاوی ژێر زەوی ناسراوە بە (انکی Enki) (سعفان، 1999: 30).

خواوەندی (ننخرساك Ninkhrsak) (Black & Green, 1992: 66-67)یان (ننخروساج Ninkhursag) یان(نینماحNinmah) بە مانای گەورەی چیاکان و دایکی زەوی هاتووە (بارندر، 1978: 14)، خواوەندی (انکی) داوای هاوسەرگیری لە خواوەند (ننخرساج) کردووە و هاوسەرگیرییەکەی قبوڵ کردووە (Jacobson, 1976: 122-123)، خواوەندی (أنو) و خواوەندی (انلیل) لە کۆمەڵەی خواوەندی سۆمەری گرنگترینیان بوون بەڵام بڕیارەکانیان بەتەنیا دەرنەکردووە لەگەڵ خواوەندەکانی تر ڕاوێژ و گفتوگۆیان کردووە (Jacobson,1943:167-169)، پاشان سەردەمی باڵا دەستی شکۆی (انو) گواستراوەتەوە بۆ (انلیل) بووە بە خاوەن هێز و توانایەکی باڵا سەرچاوەکان باسی هۆکاری ئەو تایبەتمەندییەی انلیلیان نەکردووە جگە لە پیشاندانی هێز و توانی لەڕادە بەدەری کە بەهۆیەوە چەندین نازناوی پێبەخشراوە(کریمر، 1971: 185)، نازناوی چاکە و تایبەتمەند بووە بە دروستکردنی خۆر و مانگ و میوەهاتەکان و پێداویستییەکان و کۆنترۆڵ کردنی مرۆڤ لە ڕێگەی زەوییەوە (بارندر، 1978: 14)، هەروەها نازناوی پاشای زەوی هەبووە (Frankfort, 1949: 22)، جگە لەوەی نازناوی گەورە (السید)ی هەبووە، کە نازناوێکی ئایینی کۆن بووە بە مانای گەورە هاتووە (Bottero,2001: 47)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەورەیی و بەهێزی ئەم خواوەندە لە لای سەرجەم دانیشتوانی عێراقی کۆن (Rogers, 1908: 15)، خواوەند (عشتار) خواوەندی جوانی و خۆشەویستی و شکۆ وجەنگیش بووە، هاوشێوەی خواوەند (انانا)ی سۆمەرییەکان ئەستێرەیەکی گەشاوە و خەسڵەتی چاکەی هەبووە بە (پاشای ئاسمان)، و بە سۆزی پیرۆزی ئەفسانەی خۆشەویستی وەسفکراوە (قاشا، 2008: 285)، خواوەندی (انانا) لای سۆمەرییەکان خواوەندی پیت و بەرەکەت بووە، بەڵام لای ئەکەدیەکان خواوەند(عشتار) ناسراوە و وەکو هۆکاری پەیوەندییەکانیان لەنێوان خۆیان خواوەندە گەورەکانیان سەیریان کردووە، پێیان وابووە داواکاریەکانیان دەگەیەنێت و دەتوانن لەڕێگەی ئەمەوە نزا و پاڕانەوەکانیان بگەینن بە خواوەندەکانی ترەوە (باقر وآخرون، 1980: 16)، لەلای هەموو گەلە کۆنەکانی وڵاتی ئەم شارستانیەتە پەرستراوەو بەخواوەندی جوانی و باشی و خۆشەویستی ناسراوە(سعفان،1999: 62).

خواوەند (عشتار) پەرستگای گەورە و تایبەتی بۆ دروستکراوە کە بە پەرستگای ئاسمان ناسراوە بە شێوەی بەش بەشی گەورە لە ڕۆژئاوای شارەکەوە بووە لە شێوەی پەرستگای پلیکانەیی چەندین ئەفسانە و چیرۆك لە بارەی خۆشەویستی و شەڕەکانی خواوەند (عشتار)ەوە وتراوە و هۆکاری ئەو ئەفسانانە پێیان وابوە لە جیهانی مردووەکانەوە هاتووە، و باسی چیرۆکی هاوسەرگیری پیرۆز، و چیرۆکێکی خۆشەویستی لەگەڵ خواوەند (تموز)ە(باقر وآخرون، 1980: 16)، کە خواوەندی پیت و بەرەکەت بووە، خواوەند (دموزی) لەگونجاندنی نهێنییەکاندا لە پێش (عشتار)ی هاوسەریەتی لە ژیانی خوارەوەدا نزیکترە لە زەوی بۆ گەڕانەوەی لە مردن و تێکۆشانی دژی خواوەندی ستەمکردن ئەم خواوەندە لە بەرەبەیانی زەوییەوە باسکراوە بۆ دیاریکردنی ئەرك و مافەکانی لەسەرەتا تا کۆتایی، ئەمەش دەردەکەوێت لە کاتی ئەنجامدانی ئاهەنگی هاوسەرگیری پیرۆزدا، خواوەند (عشتار) لە شێوەی ئەستێرە بووە (دیاکوف-کوفالیف، 2000: 107-108).

خواوەند (انو ) لای سۆمەرییەکان لە ئاسمان لە شوێنێکی پیرۆز دانیشتووە (Benite,1969: 117&137)، لە زمانی ئەکەدییەکاندا (انو) یان وشەی (شامو Shamu) بە مانای ئاسمان هاتووە، بەکارهێنانی خواوەند (انو)، کە ئاماژەیە بۆ خواوەندی ئاسمان لای سۆمەری و ئەکەدییەکان (الحصونە، 2019: 78)، لەئاماژە مێخییەکاندا بەهەمان شێوە وشەی سۆمەری(دنكر Dingir) بەمانای خواوەند هاتووە لە بەرامبەریدا وشەی ئەکەدی (ایلو ILU) واتای ئەو دەسەواژانەی لە زمانی سۆمەری و ئەکەدیدا وەك خواوەند (ان) و (انو) هاتووە لە زمانی ئەکەدیشدا بە مانای درەوشاوە و شکۆدار هاتووە، خواوەندی (ان)ی سۆمەری لەلای ئەکەدییەکان بە(ایلانو ILANU)ناسراوە بەواتای سەرکەوتنی پیرۆز دێت(لابات، 1988: 11و17).

پەرستشی خواوەند (مەردوخ Mardukh) (Porter, 1997:177) بە تەواوی لە بابلی گەشەی کردووە، و خواوەند (ئیا) لەوپەڕی باشوری خواوەند (ئێریدو) بوو لەوکاتەدا پەرستشی (مەردوخ) تەنیا لە ناوچەکانی دەوروبەری بابلدا گەشەی کردووە، دوای چەند سەدەیەك بۆتە ئایینی سەرەکی لە بابلدا و ناوبانگی خواوەندەکانی باکوری بابل پەرەی سەند و خەڵکیش لە سەرانسەری بابلدا وەك خواوەندە تایبەتیەکانی خۆیان دەیانپەرستن (میرۆپ، 2018: 182)، لە سەرەتادا خواوەند (مەردوخ) نوێنەری خۆی لەسەر زەوی داناوە و ئەرکی پارێزگاری کردن بووە لە بەرژەوەندیەکانی و داوایکردوە کۆبوونەوە لە نێوان خواوەندەکان بۆ گفتوگۆکردن و خواردنەوەی مەیی و ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆمەڵگادا ڕوویان دەدا بکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی نوێنەری خواوەند لەسەر زەوی(حنون، 2006: 25).
خواوەندەکان لەسەر شێوەی مرۆڤ بوون، تاکو سەرەتای دەرکەوتنی سەردەمی بنەماڵەکان (قاشا، 2008: 248)، لەماوەی نێوان ساڵانی(2800 - 2370 پ.ز)فەرمانڕەوایەتی کردووە لە مێژوودا بە سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵەکان ناسراوە (عبدالصمد، 2008: 36)، دانیشتوانی عێراقی کۆن پێیان وابووە خواوەندەکان لە پشت ڕووداوە سروشتییەکانەوە بوون و لەڕێگەی نوێنەرەکانیان لەسەر زەوی، نازناویان بۆ خۆیان دیارکردووە، کە فەرمانڕەوا یاخود پاشا بوون (قاشا، 2008: 248)، ئەو نوێنەرانەش لە زمانی سۆمەرییەکاندا پێی وتراوە (ئینEN) واتا کاهینی گەورە و هێما بۆ دەسەڵاتی ئاینی لە عێراقی کۆندا و نازناوی(ئینس Ensi) ئەمیش وەکو نازناوێك بە کەسێك بەخشراوە دەسەڵاتی سیاسی زۆری هەبووە لە شێوەی میر بێت یان سەرکردەی سیاسی، ئەمەش بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیایس بوو لە ئاینی لەڤەڵ ئەوەشدا پەیوەندیکی بەهێز هەبووە لە نێوانیاندا(باقر، 2012: 288 و346-350)، هەرچی نازناوی (لۆگاڵLu-Gal) بە واتای پیاوی گەورە یان پاشا دێت و هێمای دەسەڵاتی سیاسیە و لەناو خەڵکدا بە پیرۆز سەیر دەکراو ڕێزی زۆری هەبووە و سەرکردایەتی جەنگەکانی کردووە(سلیمان، 1983: 183-184)، هەستاوە بە گێڕانەوە و بڵاوکردنەوەی دەقەکان و داواکاری و مەرجەکانی خواوەند (مەردۆخ) بۆ شەڕەکان و بەرگریکردنی لەخواوەندەکانی دیکە ئەمەش یەکێکە لە کارە گرنگەکانی و دەسەڵاتێکی فراوانی لەسەرووی هەموو خواوەندەکانی دیکەوە هەبووە (حنون، 2006: 25)، لەوکاتانەدا چونکە ئەنجومەنی خواوەندەکان (مەردۆخ)یان ڕاسپاردووە لە کاتی دروست بوونی کێشە و ئاژاوە و هاتنە ئارای دۆخێکی نەخوازراو بۆ چارەسەر کردنی ئەو ئاڵۆزی و کێشە پاشانیش دەسەڵات دەگەڕایەوە بۆ ئەنجومەنی خواوەندەکان(ساکز، 1979: 393-395).
خواوەند (مەردۆخ) لە شاری بابل پەرستراوە و پەرستگای هەبووە و ڕۆڵێکی باڵا و گەورەی هەبووە لە ناو گەلی بابلدا وەك خاوەندێکی نەتەوەی بابل سەیر کراوە، لە ئەفسانەی دروستبوونی بابل و ئەفسانەکانی سەردەمی کۆن بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە، لە بابەتە ئەدەبییەکانی ئەم وڵاتەدا باسکراوە (نعمة، 1994: 77)، پاشای بابل پابەند بووە بە فەرمانەکانی، لە سەرجەم شار و ناوچەکانی ئەم شارستانییەتەدا پەرستراوە، بەخواوەندی گەورە و پارێزگاری لەوڵاتدا ناسراوە (رشید، 2004: 87).

خواوەندی ئاشور خواوەندی سەرەکی ئاشوریەکان بووە، لەسەروی سەرجەم خواوەندەکان بووە و سەرجەم کاروچالاکیەکان بەویستی ئەو ئەنجامدراوە و کاریگەری زۆری لەسەر بیرو بۆچونی ئاشوریەکان و پاشاکانیان هەبووە کارەکانیان ڕەزامەندی ئەو ئەنجامداوە(ساکز،2008: 298-299)، ئەم خواوەندە سەرەتا تەنها لەشاری ئاشور پەرستراوە و ڕۆڵی زۆر بووە، بەڵام کاتێك ئاشورییەکان دەسەڵاتیان فراوان بووە و گەشەیان کردووە پەرستشی خواوەندەکەشیان بە هەمانشێوە بەناوچەکاندا بڵاوبۆتەوە و پەرستگای زۆری بۆ دروست کراوە، هێمای تایبەتی مرۆڤێکی باڵدار بووە و هەردوو باڵەکانی کردۆتەوە لە ژێر باڵەکانیدا دوو دەستی هەبووە کە بە دەستیکی کەوانی هەڵگرتووە و بەدەستەکەی تری تیری خستۆتە کەوانەوە، لەبەردەم خۆرێکی شێوە خردا وەستاوە، ئەم خواوەندە چەند نازناوی تایبەتی هەبووە وەك(گەورەی وڵاتان، باوکی خواوەندەکان و چیای بەرز) (سلیم،2002: 425-426)، خواوەند ئاشور سەرەڕای ئەوەی خواوەندی دروستکەر بووە خواوەندی جەنگیش بووە خەڵکی ملکەچی فەرمانەکانی کردووە بۆ دەسەڵاتی ئاشوری، هاوسەرەکەی (عشتار) پێگەیەکی بەرزی هەبووە و بە پاڵەوان و پارێزەری ئاشور ناسراوە(ساکز،2008: 297-300).
دەکرێ بوترێت ئایین لە عێراقی کۆندا بیرۆکەیەکی بەهێزی لەناو سەرجەم گەلانی ناوچەکەدا دروستکردووە و پەیرەویکراوە، ئەویش پەرستنی فرەخواوەندی بووە، بۆ هەر لایەنێکی ژیان و ڕووداوێکی سروشتی خواوەندێکی تایبەتییان پەرستووە، وەك خواوەندی خێر و شەڕ و پیت و بەرەکەت و ئاووهەوا و چەندانی تر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مرۆڤ ئەوکاتە بۆ ڕزگار بوون شەڕی سروشت هەوڵی پەرستنی فرە خواوەندی داوە، قوربانی و ڕێوڕەسمی ئایینی بۆ بە ئەنجام گەیاندوە، جگە لەوەش بۆ ئەوەی بتوانێت سەربکەوێت بەسەر ئەوە مەترسی و هێرەشە دەرەکیانە سیفاتی شەڕیان داوەتە پاڵ بەشێك لە خواوەندەکانیان بۆ ئەوەی هاوکاریان بکات و سەریان بخات.
4. ڕۆڵی خواوەندەکان لە دەسەڵاتی سیاسی عێراقی کۆندا
کۆمەڵگا کۆنەکان لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئاینیدا بوون بۆیە دەسەڵات وەك هەموو چالاکی و لایەنەکانی تری کۆمەڵگای ئەو کاتە کەوتۆتە ژێر ئەم کاریگەرییەوە، دانیشتوانی کۆنی ئەم وڵاتە پابەند بوون بەڕێنمای کەسانی شارەزای ئایینی، ئەمەش ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە دیاریکردنی فەرمانڕوا (پاشا) لە هەمانکاتدا ئەویش کاتێك دەسەڵاتی وەرگرتووە بەتەواوی کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئایینەوە هەر پشتگوێ خستنێك و لادانێکی بۆتە هۆکاری لاوازی یان لە ناوچوونی دەسەڵاتەکەی (فیاض و مراد،2005: 70-73)، هێزو توانای خواوەندەکان لەسەرووی مرۆڤەکان بووە، بۆیە ئەو کەسەی لەناو بنەماڵەی شاهانەدا دەستنیشان دەکرا یان شایەنی وەرگرتنی دەسەڵات بووە و لەلایەن خواوەندەوە پێی بەخشراوە و تاجی خراوەتە سەر، لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا هەندێك جار ماوەی یەك هەفتە بەردەوام بووە و جل و بەرگی تایبەتی لەبەرکردووە و لەگەڵ کاهینی گەورەی (پیاوی ئایینی) وڵات لەبەردەم خواوەند کڕنوشی بردووە بەڵێنی پێداوە کە بەرژەوەندیەکانی بپارێزێت(شمیل،2005: 454)، ئەمەش وایکردووە کە پیرۆزی و هێزێکی زۆر بە دەسەڵاتەکەی بدات

و تێیدا ڕەنگ بداتەوە لەدوای هاتنە سەردەسەڵات(شميل،2005: 443).
دەسەڵاتی سیاسیی پەیوەندیەکی ڕاستەخۆی هەبوو بە ئایینەوە ڕێکخستنی خواوەندەکان هاوشێوە لەگەڵ ڕێکخستنی سیاسی لە وڵاتدا(بوتير، 1990: 258)، هەروەها دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقی کۆندا لە پەیوەندی نێوان پیرۆزی دەسەڵاتی خواوەندەکان، و دەسەڵاتی مرۆڤدایە، لەسەر ئەم بنەمایەش خواوەندەکان لە لایەك و پاشاکان لەلایەکی دیکەوە پیرۆزی بە دەسەڵاتی سیاسی مرۆڤەکان دەدرێت لەلایەن هەر دوولاوە، ئەو پەیوەندییەی لە نێوانیاندا هەیە دوو لایەنیە هەڵبژاردنی پاشاکان لە لایەن خواوەندەکانەوە و بەدیهێنانی خواستی خواوەندەکان لە لایەن پاشاکانەوە بەهۆی هەڵبژاردنیانەوە (الطعان، 1981: 429).
ئەو نووسراو و بەڵگەنامانەی بەردەستن دەربارەی ژیانی سیاسی ئەم وڵاتە و پیاوانی ئایینی لە بەڕێوەبردنی وڵات و بەشداریکردن لە دەسەڵات لە سەرەتای دروستبوونیەوە، لەلایەن پاشا و فەرمانڕەواکانەوە بۆ شیکردنەوە و خوێندنەوەی بیروباوەڕی دانیشتوان نووسراون، ئەمەش نموونەیەکی سەرەکییە یان دەسەڵاتدارییە لە سەرەتادا وەك پیشەیەکی پیرۆز دادەنران، و دەدرانە دەستی دەستەیەکی دیاریکراو بە ئامانجی نووسینەوەی پیرۆزییەکان و دەرخستنیان کە تایبەت بە خواوەندەکان بوو (نعمة، 1994: 277)، سەرەتا دەقەکان تایبەت بوون بە بیروباوەڕ و تێڕوانینی ئەم چینە بە جۆرێك کە دژیەك نەبێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکان، ئەو نوسراوانە لە پەرستگاکاندا دەرکەوتن (بوتيرو، 2005: 119-120)، ئامانجیان ڕێکخستنی داهاتەکانی پەرستگا بووە لە ڕووی ئابورییەوە، و هێمایەك بوون بۆ هاندان و ناساندنی بیرکردنەوەی مرۆڤ لە ڕووی ئایینیەوە (اسماعيل، 1985: 221-222).
وەك لە پێشوتردا ئاماژەی پێکراوە پیاوانی ئایینی بەشداریان کردووە لە بەڕیوەبردنی وڵاتدا، لە سەرەتای دروستبوونی (دەوڵەتە شارەکان)[8] دا، نوسراو و فەرمانەکانی پاشاکان بە بڕیارێکی گرنگ لە لایەن پیاوانی ئایینیەوە بۆ شیکردنەوە و خوێندنەوەی بیرو باوەڕەکان لە عێراقی کۆن دانراوە، ئەم نوسراوانە بە پیرۆز سەیر کراون و بەمەبەستی پاراستنی پیرۆزیەکان گێراویانەتەوە بۆ خواوەندەکان (الحصونه، 2019: 48-49)، بۆ ئەوەی دەسەڵات و پێگەی خۆیان بەهێز بکەن بیچەسپێنن لەبەرئەوە پیرۆزییان داوە بە دەسەڵات لەڕووی ئایینییەوە وسیاسیەوە (بوتيرو، 2005: 119)، دوای دامەزراوەی ئایینی باوی دەسەڵاتی سیاسی هات بۆ جیاکردنەوەی هەندێك کەسایەتی سیاسی لە بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو دەسەڵاتەدا لە ئایین و سیاسەتدا بەپێی باروذۆخەکان، بەهۆی بوونی ناکۆکی لەنێوان پیاوی ئایینی و پیاوی سیاسی لەسەر وەرگرتنی دەسەڵات، پاشانیش جوڵانەوەیەکی گرنگ و کاریگەر بۆ ڕزگار بوون لە دەسەڵاتی پەرستگا و زاڵ بوون بەسەر پیاوانی ئایینی لە سەرجەم ناوچەکانی ئەم شارستانیەتەدا دادەنرێن (الحسيني،2002: 11-50).
پیاوانی ئایینی بەڵگەی بەهێز و پاڵپشتی یەکەمن بۆ هاوبەشیکردن لە دەسەڵاتی سیاسیدا، ئەم دەسەڵاتە دەبەستنەوە بە بیروباوەڕ و پیرۆزییە ئایینیەکان بۆ جێگیرکردن و متمانەدان بە دەسەڵاتەکەیان، گرنگی زۆریان بە پێشخستنی وڵاتداوە هۆکارێکیش بوون بۆ بەهێز بوونی وڵات لەڕووی سیاسیی و سەربازی و ئابوری(الحصونه، 2019: 49)، بۆ نمونە لە ڕۆژی پێنجەمی ئاهەنگی سەری ساڵ و وەرگرتنی دەسەڵات، پاشا لەو ڕۆژەدا دەچێتە پەرستگای خواوەند مەردۆخ وەك کاهینی گەورە دادەنیشێت نیشانەی پاشایەتی لە خۆی دادەماڵێت وەك سوڵجان تاجی پاشایەتی لەبەردەم خواوەند مەردۆخ کڕنوش دەبات و دان دەنێت بەهێزی خواوەند و ئەرکەکانی بەرامبەر خواوەند و پەرستگاکانی خواوەند، دواتر کاهین وەك وەلامدانەوەرەیەکی خواوەند بۆ پاشا هەڵدەستێك بە گەڕاندنەوەی تاج و سوڵجان بۆ کاهینی گەورە یان پاشا ئەمەش نیشانەی پاشایەتیە و مانای هەبوونی پاشا دەگەیەنێت لەناو خەڵکدا لە دەرەوەی پەرستگایدا بۆیە لەو باوەڕەدا بوون پاشا لە جیهانی خوارەوە گەڕاوەتەوە فەرمانڕەوایەتی دەکات و هێزو دەسەڵاتی خۆی پیشان دەدات(الأحمد، 1985: 20-21)، پیاوە ئایینییەکان هاوکاری پاشاکان بوون لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا لە سەرەتادا، و دەسەڵاتی پاشا هیچ کۆت و بەندێکی یاسایی نەبووە بەتەنیا، بەڵکو ئەو چەند کۆت و بەندی هەیبووە تایبەت بوون بە پیاوە ئایینییەکان، پاشاکان نوێنەری خواوەند بوون لە شارەکاندا، و دەسەڵاتی وەرگرتنی باجیان هەبووە بە ناوی خواوەندەکانەوە، کە دەگەڕایەوە بۆ کۆگای پەرستگاکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبوو بە موڵکی پەرستگاکان (طقوش، 2011: 90-91)، پیاوانی ئایینی دەسەڵاتێکی حکومیان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا هەبووە، لە ناوەندە فەرمی و ئایینییەکاندا کاریان کردووە، بەوەش ڕۆڵی پەرستگاکانمان بۆ دەردەکەوێت لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا (الطعان، 1981: 167)، ئەم خاوەنداریەتی کردنە لەسەر بنەمای بیروباوەڕی دەسەڵاتی خواوەندەکان، کە دەهاتە خوارەوە بۆ مرۆڤەکان و ئەم فەرمانڕەوایەتی کردنە بە فەرمانڕوایەتی کردنێکی ڕاست لە بیروباوەڕی گەلدا دادەنرا، پیاوە ئاینیەکان بەڕێوەیان دەبرد و دەسەڵاتیان هەبوو و یەکێکیان هەڵدەبژێردرا بە وێنەی خواوەندەکان سەیرکراوە، پیاوە ئایینیەکان هێما بوون بۆ یەکگرتنی ئایین و سیاسەت(طقوش، 2011: 90-91).
بە دروست بوونی بیری پەیڕەوی سیاسی لەنێوان بیرو باوەڕەکان لەلای دانیشتوانی ئەم شارستانیەتە کە خواوەندەکان پاشایەتیان داوە بەمرۆڤ بەپێی ئەم بیروباوەڕە دابەزینی پاشایەتی بووە لە ئاسمانەوە بۆسەر زەوی، ئەمەش پەیوەندی بەگرنگی دامەزراوە سیاسیەکان و کارپێکردنی هەبووە لەگەڵ دامەزاوە ئاینیەکاندا لەماوەی دامەزراندنی پەیرەوی سیاسیدا، ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر لایەنی سیاسی عێراقی کۆن بەگشتی هەبووە(الشيخلي، 1990: 75)، دەسەڵاتی سیاسی خواوەندەکان لەم شارستانیەتەدا لەسەر ئەم بیروباوەڕەی کە ڕێکخستنە سەرەکییەکەی لەئاسمانەوەیە و لە کۆبونەوەی خواوەندەکان پاشایەك دیاریکراوە ودەسەڵاتی پێدراوە بۆ پارێزگاری کردن لە سیستەمی سیاسی و ئاینی و ئارامی وڵات، فەرمانڕوایەتی کردنی وڵات و ڕاپەڕاندنی کۆمەڵێك ئەرك، کە لە لایەن خواوەندەکانەوە پێیان ڕادەسپێردرا (الطعان، 1981: 385)، پاشا پیاوی ئایینی گەورەی خواوەندی شار و نەتەوەیی و سەرۆکی پیاوانی ئایینی بووە، لە دوای پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دروستبوونی پەرستگاکان چینی پیاوانی ئایینی پلە بەندی تایبەتیان هەبووە (سليم، 2007: 366).

زانیاری دەربارەی خواوەندەکان، و ناوی پاشاکان لە بیروباوەڕی گەلانی عێراقی کۆن وەك سۆمەری و ئەکەدی و بابلیەکان وەك بیروباوەڕی ئاشوورییەکان بووە لە بارەی باوەڕبوونیان بە دەسەڵاتداری و پێگەی خواوەندەکان لە سەرووی پلەی مرۆڤ بوونە (الحصونە، 2019: 185)، لە ئایینی سۆمەریدا ڕێوڕەسمی ئایینی و جەژن بوونی هەبووە لەکات و سەردەمی خۆیدا ئەنجامدراوە خەڵکێکی زۆر بەشدارییان تێدا کردووە، بۆ نموونە ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیری پیرۆز لە نێوان خواوەند (أینانا و تموزی) لەلای سۆمەرییەکان و خواوەند (تموزی و عشتار) لای ئەکەدییەکان جێبەجێ دەکرا (عبداللە و رضا، 2019: 586)، بۆ بەدەستهێنانی خێرو بەرەکەت بووە، ئەمەش بەردەوام لە ململانێدا بوون بۆ زاڵ بوون بەسەر سروشتدا (کریمر، 1973: 187)، هەندێك جاریش پاشا یان پیاوی گەورەی ئایینی لە پەرستگا بە نوێنەرایەتی خواوەند هاوسەرگیری کچێکی ئایینی پاکیزە ئەنجامداوە بە شێوەی ڕاستەقینە (عبداللە و رضا، 2019: 587)، لە سەریساڵدا یەکێك لە کچە پاکیزەکانی پەرستگای هەڵدەبژارد بۆ هاوسەرگیری بە مەبەستی خێرو بەرەکەت لە کاتی گەیشتنی پاشا کچە پاکیزەکە دەڕازێنرایەوە و سرودی ئاینی دەوترایەوە و نزا و پاڕانەوەی خەڵك دەستی پێدەکرد بۆ هاتنەدی هیوا و ئاواتەکانیان لە ساڵی تازەدا و بە پیرۆز سەیرکردنی پاشا بووە (کریمر، 1973: 187-188).

دەربارەی دەسەڵاتی سیاسی و سەرنجدان لە باشیەکانی تێڕوانینی دانیشتوانی عێراقی کۆن لەسەر ئەم بنەمایەی لەخودی سروشتی مرۆڤەوەیە، پێچەوانەی تێڕوانینە سەرەتایەکان کە تێڕوانینی سروشتیەو نەوەستاوەتە سەر مرۆڤەکان، و بنچینەکەی دەگەڕیتەوە بۆ خواوەندەکان کە تایبەتمەندییەکی خۆیان هەیە و مرۆڤەکان نایزانن، ئەمە ڕەنگدانەوەی هەبووە بە تایبەتی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی بۆ نموونە لای سۆمەر و ئاشور بەهێز بوون ماوەیەکی زۆر ژیاون، ئەم دەسەڵاتە سیاسییە بەمانای مرۆڤی بووە و خاوەندارێتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پاشاکان، دەستیان بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا گرتووە (الطعان، 1981: 386).

خواستی خواوەندەکان وەك ئەوەی ئاماژەی پێکراوە لە بیروباوەڕی دانیشتوانی ئەم شارستانیەتە هێمای دەسەڵاتی سیاسی بوون بە پلەی یەکەم و پاشان هێما بوون بۆ دەسەڵاتی ئایینی (الأحمد، 1985: 8-9)، ئەم زانیارییە لە بارەی ئەم شارستانیەتە لەبەردەستدان لە سەرەتاکانی نیوەی دووەمی هەزارەی (3 پ.ز) کە بە قۆناغی گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی سۆمەرییەکان دادەنرێت لە دەسەڵاتی ئاینیەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی، چونکە بارودۆخی ئەم بنەماڵانە پێویستی بەسەرکردایەتی سەربازی هەبوو (رشید،1985: 160)، لە دواتردا بەشێوازێکی باشتر ڕێکخراوە لە نێوان دەسەڵاتی ئایینی و سیاسیدا بەجۆرێك کە هیچ بۆشاییەك لە نێوانیاندا نەبووە، واتە چی دیکە پێویست نەبووە پاشاکان پیاوانی ئاایینی بن بەڵکو ڕاستەخۆ لە لایەن خواوەنەکانەوە هەڵبژێرداون(الطعان، 1981: 460).

ڕۆڵی ئەنجومەنی خواوەندەکان لەلایەنی سیاسی لەبەرژەوەندی کۆمەڵگا بوو و یەکێك لە کارە گرنگەکانیان هەوڵدان بووە لە پێناو شارەکانی سومەر و ئەکەد، خواوەندەکان دەسەڵاتیان بۆ دیاریکردوون بەپێی گرنگی ناوچەکان دەسەڵاتیان بەسەردا دابەشکردون و فەرمانڕەوایان بۆ دیاریکردوون، بۆ نمونە لە دەوڵەتی ئەکەدیدا کاریگەری خواوەند بەڕوونی دەردەکەوێت لە هاتنە سەر دەسەڵاتی سەرجۆنی ئەکەدی هەرچەند لە بنەماڵەی پاشایەتی نەبووە، بەڵام توانیویەتی بێتە سەر دەسەڵات هەرچەند ژیاننامەکەی بەڕوونی دیار نیە(سلیم، 2011: 61-62)، هەروەها لە دەقە مێخیەکاندا باس لە چۆنیەتی هاتنە سەر دەسەڵاتی دەکات دەڵێت لەدوای ئەوەی من بوومە باخەوان لەلای جوتیارێك لەوکاتەدا خواوەند عشتار هاتوو خۆشویستی خۆی پێدام و پاشایەتیم وەرگرتوە و توانیومە وڵات پێش بخەم و سەرکەوتن بەدەست بهێنم (باقر، 1976: 125)، هەروەها بەپێیی دەقە مسماریەکان بێت خواوەندەکان بڕیاریانداوە (لبت عشتار Libit-Ashtar 1924-1934پ.ز) وەك پاشای شاری (ایسن= القادرسیة) دیاری بکەن(یحیی، 2015: 293)، چونکە بەشێك لە شارە سۆمەریەکان پێگەیەکی ئاینی گرنگیان هەبوو وەك شاری(نفر، ئور و ئەریدو) کە بونەتە ناوەندێکی سەرەکی ئاینی و لەلایەن خواوەند (انلیل) چاودێری کراوە کە بۆتە هۆی بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی(کریمر، 1971: 74).

پاشایانی ئاشوری بۆ متمانەی ئایینی بە دەسەڵاتەکەیان چەند بڵاوکراوەیەکی دەربارەی پاشاکان دەرکردووە بە ناوی خواوەندەکانەوە، کە لە نووسراوەکانی بەشێك لە پاشاکانی ئاشوریدا ئاماژەی پێکراوە (الحصونە، 2019: 185)، کۆمەڵگای ئاشوری یەکێك لە دەرکەوتەکانی بیرو بۆچونی تاکی ئاسایی و دەسەڵاتدارەکانی پابەند بوون بە دەسەڵاتی خواوەندەکان، و پاشا لە یەك کاتدا دەسەڵاتی ئایینی و دونیایی هەبووە و لە سەروی سەرجەم پیاوانی ئایینی بووە (سلیم، 2002: 348)، هەریەکێکیان لە ناوە و دەرەوی پەرستگا بە پێی کارەکەی خۆی ئەرکەکانی لەژێر چاودێری و فەرمانی پاشا ئەنجامدەدا (الخفاجی، 2014: 102)، پاشایەتی پشتاو پشت بووە سیستەمێکی پەسندکراو بووە لە عێراقی کۆن هەر لە سەردەمی بنەماڵەکانەوە بە پیرۆز تەماشاکراوە و فەرمانڕەوایی کۆمەڵەی خواوەندەکانیش بەهەمان شێوە بووە، بڕیارەکان لە لایەن خواوەندەوە دەردەکران (سلیمان، 1983: 208).

پاشا لەبەردەم خواوەندەکان بەرپرس بوو، پێویست بوو لە خزمەتی ئەواندا بێت لە ڕووی ئاییینیش بەشداری لە ڕێوڕەسمە ئاایینیەکان کردووە، لە ڕووی دونیاییەوە بەتەواوی بەرپرس بووە لە جێبەجێکردنی دادپەروەری و پاراستنی سنورەکان و دەرکردن و جێبەجێکردنی یاساکان لەگەڵ ئەنجامدانی چالاکیە ئابووری و ئاواکارییەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی و سیاسیی وڵات (سلیم، 2002: 348)، سەرجەم ئەو کار و چالاکیانەی پاشای ئاشورییەکان ئەنجامیانداوە، بە تایبەت هەڵمەتە سەربازییەکانیان بۆ پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتەکەیان، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆریان لەژێر کاریگەری و بیرو بۆچونی ئاییندا بوون و وایان پیشانداوە بە خواستی خواوەندەکانە بۆ ئەوەی لایەنگرەکانیان زیاتر بە خۆیانەوە پەیوەست بکەن و دوای سەرکەوتنەکانیش بە هەمان شێوە خزمەتیان بەو لایەنە کردووە (العبداللە، 2000: 120).

پاشاکانی ئاشور سودییان لە ئایین وەرگتووە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و لایەنی سیاسی دەسەڵاتەکەیان، هەندێ جار بە ویستی خواوەندەکان جێنشینیان دیاریکردووە، و نازناوی ئایینیان بۆ خۆیان داناوە و لە نازناوەکاندا ناوی خۆیان داوەتە پاڵ ناوی خواوەند ئاشور و نازناوی جێگری خواوەند ئاشوریان بۆ خۆیان بەکارهێناوە، بەڵام لەدەی چواردەی پێش زاین زۆربەی پاشاکان نازناوی ئایینیان بۆ خۆیان بەکارهێناوە (سلیم، 2002: 344)،

دیارە لە شارستانیەتی عێراقی کۆندا کاری پاشاکان لە بنچینەدا هاوشێوەی خواوەندەکانن، بەڵام خواوەند نین، بەڵکو مرۆڤی پیرۆزن و نوێنەری خواوەندن و پەیڕەوی ئایینییان هەبووە، و پاشا پارێزگاری لەم چینە پیرۆزە کردووە، لە ماوەی لاوازی وڵاتدا پاشا توانیویەتی پارێزگاری لە پیرۆزی خۆی، و دەسەڵاتە سیاسییەکەی بکات لە تێڕوانینی خەڵکدا، کەسایەتی پاشا بەدیهێنراوێکی تایبەت بووە و ناوەندێکی تایبەتی هەبووە لە نێوان خواوەندەکان، و مرۆڤدا بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوانیاندا (الطعان، 1981: 400).

دیارە دیاریکردنی جێنشین بۆ دەسەڵات هۆکارێك بووە بۆ دەرکەوتنی ئەو پاشایانەی کار و خزمەتی جۆرا و جۆریان ئەنجامداوە بۆ ڕازی کردنی خواوەندەکان، وەك ئەوەی کاتێك وڵاتێك دیاری نەناردبێت بۆ خواوەند ئاشور ئەوا لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی خواوەند هێرشیان کردۆتە سەر(الخفاجي،2014: 100)، جگە لەوەی هەوڵی دروستکردنی پەرستگای تازەیان داوە بۆ خواوەندکەیان گرنگیان بەشێواز و دیزان و ڕازاندوویانەتەوە و پەرستگاکانیان نۆژەنە کردۆتەوە بەشێوازێکی تازە و جیاواز گۆڕانکاریان تێدا کردووە، سەرەڕای دروستکردنی پەیکەری خواوەند بەبەرزترین ئاست کە ئیشتر لە هیچ شوێنێك نەگەیشتۆتە ئەم ئاستە(علي،1973: 68).

بیروباوەڕی ئایینی کاریگەریی کردووەتە سەر سیستەمی سیاسیی ئەم وڵاتە بە لە سەرجەم قۆناغە مێژووییەکانی ئەم وڵاتەدا، بە هۆی ئەوەی گەلانی ئەم ناوچەیە، وەك نوێنەری خواوەند سەیری پاشاکانیان کردووە پێیان وابووە دەرچوون لە بڕیاری پاشاکان دەرچوونە لە فەرمانی خواوەندەکان، پاشاکان گرنگی زۆریان بە لایەنی ئایینیداوە، توانیویانە سوود لە لایەنی ئایینی بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتەکەیان وەربگرن، وە زۆر جاریش بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاریان هێناوە، جگە لەوەی بۆ لایەنی سیاسیش سودی زۆریان لە ئاین وەرگرتووە.

## 5. ئەنجامەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1. لەسەرەتاکانی شارستانیەتی عێراقی کۆن بەڕێوەبردنی وڵات لە ژێر دەستی پیاوانی ئایینی بوو، ئایین و پیاوانی ئایینی دەستیان گرتبوو بەسەر سەرجەم لایەنەکانی ژیاندا بە تایبەت لایەنی ئابووری و سیاسی، پەرستشی سیاسی نوێنەرایەتی گرنگترین شێوازەکانی تێکەڵ کردنی ئایین و سیاسەت دەکات لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی سیاسی بێت.
2. پەرستشی سیاسی لە عێراقی کۆندا بووەتە پێوەرێك بۆ دەسەڵات و گەورەیی دەسەڵاتی سیاسی بۆیە دەبینین کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان گەشەکردنی پەرستشی سیاسی و گەورەیی و هێزی دەسەڵاتی سیاسی، جگەلەوەی پاشاکان وەك نوێنەری خواوەند خۆیان دەناساند.
3. بیروباوەڕی ئایینی لە عێراقی کۆندا سیستەمی فرەخواوەندی بووە، واتا بۆ هەر بابەتێك خواوەندێکی تایبەتیان پەرستووە، گرنگترینیان خواوەندی سیاسی و فەرمی شار بووە.
4. لەو شارە دێرینانەی عێراقی کۆن، کە پێگەی ئایینی بەهێزیان هەبووە گرنگی بەرچاویان پێدراوە، بۆتە جێگەی بایەخی پاشاکان لە سیستەمی سیاسی بەڕێوەبردنی وڵاتدا، جگە لەوەش بایەخێکی زۆریان بەلایەنی ئایینی داوە بۆ ئەم مەبەستەش هەستاون بە ڕازاندنەوەی پەرستگاکانیان لە ڕێگەی کاری دەستی دروست کردنی پەیکەرو وێنەی ئایینی و جوانکاری.
5. لە رووی بیروباوەڕی ئایینیەوە بایەخ بە ئاهەنگی هاوسەرگیری پیرۆز دراوە و زیاتر لە کۆتاییەکانی ساڵدا پرۆسەکە بەڕێوەبراوە، ئەمەش جۆرێك بووە لە ڕێ و ڕسمی ئایینی کە بەمەبەستی هێنانی خێرو بەرەکەت بوو، جگە لەوەی پاشا لەبەردەم خواوەند سەرجەم نیشانەی خواوەندەکانی لە خۆی دادەماڵی بە ئامادەبوونی کاهینی گەورەی وڵات و دڵسۆزی خۆی بۆ خواوەند دوو پات دەکردووە و بەڵێ بەدیهێنانی دادپەروەری دەدا.
6. کاریگەری ئایین بە ڕوونی لەسەر سیستەمی سیاسی و ئیداری دەوڵەتە شارەکان و ئەو سیستەمەی پەیڕەو دەکرا لەلایەن پاشاکانەوە؛ دەبینرێ، لە نمونەی ئەوەی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان لەسەر زەوی بە خواست و ویستی خوداکانە، مەترسیە دەرەکیەکان و پاراستنی پەرستگاکان هۆکاری بنەڕەتی بوون بۆ گرنگیدان بەو بوارە.

## 6. پەراوێزەکان

(1) سۆمەریەکان: بیرو ڕای جیاواز هەیە لەسەر ڕەگەزیان بۆ نمونە لە ناوچەکانی بکوری هیند و ئەفغانستان و بلوجستانەوە بەڕیگای کەنداوی عەرەبی هاتوون(القيسي، 2011: 66)، لە هەزارەی (3 پ.ز) لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و شارستانیدا دەرکەوتن، لەسەردەمی (لەنوسین چوون)ەوە لە عێراق بوون، چەندین دەوڵەتە شاریان دامەزراندووە وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە دوای دەرکەوتنی نووسین پاشاکانیان هەستاون بە نووسینەوەی فەرمان و کارەکانیان و ئەو هەڵمەتە سەربازییانەی ئەنجامیانداوە سەردەمی ئەو فەرمانڕەوایەتییە لە عێراقی کۆندا بە سەردەمی بنەماڵەکان ناسراوە(بصمة جي، 1972: 6)؛ (ماتفييف و سازونوف، 1991: 69).

(2) ئەکەدییەکان: بەگەلانی دوورگەیی ناسراون بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابووری لە چەند ناوچەیەکی دورگەی عەرەبی ئێستا کۆچیانکردووە بەرەو ناوچەکانی (سوریا، فەلەستین، لوبنان و عێراق) لە سەرەتادا لەو ناوچانە نیشتەجێبوون کە دەوڵەمەند بوون لەڕووی ئابوریەوە بەتایبەت لە زەوەیە بەپیتەکانی نزیك فورات تا ئەوەی بە تەواوی نیشتەجێبوون(يحيي،1979: 73-74)، پاشان فشاریان خستۆتە سەر دانیشوانی ڕەسەنی ناوچەکە و ململانێ لە نێوانیاندا سەریهەڵداوە (بحري،2007: 106)، هەرچەندە گواستنەوەی دەسەڵات لەسۆمەریەکانەوە بۆ ئەکەدیەکان بە توندتیژی و ململانێ نەبوو، چونکە هاتنیان بەشێوازی چەند شەپۆلێکی ێواش بووە، بەڵام ململانێی نێوان بنەماڵەی سۆمەریەکان کاریگەری زیاتری هەبووە وڕێگا خۆشکەربووە (فرزات و مرعي، 1994: 160)، لە دوای سۆمەرییەکان دەسەڵات دەگرنە دەست و شارستانییەتێکی یەکگرتوویان دامەزراندووە و چەندین پاشای بەهێزیان هەبووە، پاشان دەسەڵاتی خۆیان فراوان کردووە و دەستیان بەسەر ناوچەکانی دەورووبەریاندا گرتووە (السعدي، 2005: 73-74).

(3) بابلیەکان: لەدوای ڕووخانی بنەماڵەی ئوری سێیەم و دروستبوونی شێواوی لە بارودۆخی ناوخۆی وڵات لە شاری(بابل) کە سایەتیەك دەردەکەوێت بە ناوی(سومو-ئابوم) توانی بنەماڵەی بابلی کۆن لە نزیکەی 2004 پ.ز دابمەزرێنێت(ساكز،1979: 78- 98)، کە ماوەکەی نزیکەی چوار سەدەی خەیاندووە چەندین تایبەتمەندی سیاسی و ئاینی و ئابوری و کۆمەڵایەت و شارستانیەوە هەبووە، بەهۆی زۆری ئەو ماوەی کە بابلیەکان تێیدا فەرمانڕەوایان کردووە لەبەر جیاوازی باری سیاسی گشتی دەکرێت بە سێ سەردەمی جیاوازەوە، (شاكر: 2000: 91)؛ (صالح، 2012: 691-692).

(4) ئاشورییەکان: لە دورگەی عەرەبیەوە لە خۆرئاوای دیجلەوە هاتون لە ناوچەی فورات و دۆڵی خاپور و دەوروبەری نیشتەجێبوون(برايستد، 1983: 89)، کە ئەو شوێنە نیشتیمانی بنەڕەتی سۆباریەکان بووە و توانیویانە دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن لە ناوچەکەدا و ناوی ئاشوری بەسەردا براوە(باقر، 2012: 518)، ناوەکەیان ڕای جیاوازی لەسەرە هەندێك پێیام وایە لە ناوی شارەکەیان (ئاشور)و هەندێکی تر دەڵێن لە ناوی خواوەندەکەیان بەناوی (ئاشور)دەگەڕێتەوە(سليمان، 1983: 120)، ئاشوریەکان لە ناوچە

گرنگەکانی نێوان سۆمەری و ئەکەدییەکان دەسەڵاتیان هەبووە، لە ناوچەکانی باکوری عێراق و چەند ناوچەیەکی دیکە، چەندین پاشای بەهێزیان هەبووە و توانیویانە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان فراوان بکەن (عصفور، د.ت: 377).

(5) ئارامیەکان: لە کۆمەڵەی سامیەکانن کۆچیان کردووە لە نیمچە دوورگەی عەرەبی لە نیوەی هەزارەی (2پ.ز) جێگیربوون لە ناوچەکانی ناوەڕاستی فورات و دەوروبەری (فخري، 1963: 102)، لە ناوچەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی بە چەند شەپۆلێکی جیاواز هاتوون بۆ شام و سوریا و عێراقی کۆن، کاریگەرییان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن هەبووە، و چەندین دەوڵەتیان دروستکردووە، بنەماکانی شارستانییەتیان لەو ناوچانەدا وەرگرتووە (هەرشەمێ، 2018: 117).

(6) کلدانیەکان: ناوەکەیان لە هۆزی (کلدو) هاتوە و بەشێکن لە ئارامییەکان کە لە باشوری عێراقی کۆن نیشتەجێبوون سودیان لە بابلیەکان وەرگرتووە بۆ ڕووخانی دەوڵەتی ئاشوری و خەباتیان کردووە بۆ هاتنە ناو کایەی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن، لە سەرەتای حکومی بابلیەکان توانیان دەست بگرن بەسەر زۆربەی ناوچەکانی عێراق (البربری، 2007: 137).

(7) داستانی گلگامێش: داستانێکی عێراقی کۆنە و بەکۆنترین کاری ئەدەبی دادەنرێت لەجیهاندا، ئەم خەتی مسماری لەسەر 12 تاتە قوڕین نوسراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەریەکان، بەڵام کۆکردنەوەی بەشێوەیەکی تەواو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلیەکان، داستانەکە باس لە پاشایەکی شاری وەرکای یەکەم دەکات بەناوی گلگامێش کە لە دایکێکی خواوەندی و باوکێکی ئاسایی لە دای بووە، بابەتی سەرەکی باسی مەرگ و مردنی ناچاری مرۆڤە بەشێوازێکی کاریگەر، گلگامێش کەسایەتیەکی مێژوویەو ناوی لەزنجیرە پاشایانی سۆمەریدا تۆمارکراوە، داستانەکە سۆمەرییەو گەلگامێش باشترین سیفاتەکانی لەلایەن خواوەندەکانەوە پێدرابوو، گلگامێش لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت بۆ دۆزینەوەی نەمری و مانەوە بۆهەمیشەی دوای چەندین هەوڵ و گەڕان، سەرئەنجام بێ هیوا دەبێت لە دۆزینەوەی ڕێگەی نەمری(علي، 1985: 338-340).

(8) دەوڵەتە شار: یەکەیەکی سەربەخۆیە لە ڕووی سیاسی و کارگێری و ئابوری و یاساییەوە، پایتەختیان هەبووە کۆمەڵێك شار و شارۆچکە و گوند پێوەی پەیوەست بوون، لەژێر فەرمانڕەوایدا بوون، سیستەمە کۆنترین سیستەمی سیاسییە لە جیهاندا، پێدەچێت هۆکاری دروستبوونی لەوڵاتی سۆمەردا لایەنی جوگرافیا بوبێت بۆ دەستگرتن بەسەر جوڵانەوە بازرگانیەکان و دروستکردنی جۆگای ئاودێری وئەوە پێویستی بەدەسەڵاتێکی ناوەندی هەبوو، تا بتوانن دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن و زۆرترین زەوی بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە (سليم، 2009: 256).

## 8. لیستی سەرچاوەکان

### 1.8. سەرچاوەکانی بە زمانی عەرەبی


الأحمد، سامي سعيد.(1985)، الادارة ونظام الحكم(حضارة العراق)، ج2، بغداد: دار الحرية للطباعة.

الأحمد، سامي سعيد. (2013)، المعتقدات الدينية في العراق القديم، بيروت: مركز الاكاديمي اللابحاث.

احمد، مصطفى ابو ضيف. (1986)، دراسات في تاريخ الدولة العربية، ط4، المغربية: مدار النشر المغربية ودار البيضاء.

اسماعيل، بهيجة خليل. (1985)، الكتابة(حضارة العراق)، ج1، بغداد: دار الحرية للطباعة.

بارندر، جفري. (1978)، المعتقدات الدينية لدي الشعوب، ترجمة: امام عبدالفتاح ، السلسة 173.

باقر، طه. (1976)، مقدمة في ادب العراق القديم، بغداد: دار الحرية للطباعة.

باقر، طه. (2012)، في تاريخ الحضارات القديمة، ط2، لندن: دار الوراق للنشر المحدود.

باقر، طه وآخرون. (1980)، تأريخ العراق القديم، ج2، بغداد: مطبعة جامعة بغداد.

بركلمان، كارل. (1968)، تاريخ الشعوب الاسلامية، ترجمة: أمين فارس ومنير البعلبكي، ط5، بيروت: دار العلم للملايين.

بصمة جي، فرج. (1972)، كنوز المتحف العراقي، بغداد: وزارة الاعلام و مديرية الاثار والمتاح.

برايستد، جيمس هنري. (1983)، العصور القديمة، ترجمة: داود قربان، بيروت: مؤسسة عزالدين للطباعة والنشر.

بوتيرو، جان.(1990)، بلاد الرافدين( الكتاب-العقل-الالهة)، ترجمة: الاب البير ابونا، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.

بوتيرو، جان. (2005)، الديانة عند البابليين، ترجمة: وليد الجادر، حلب:مركز الانماء الحضاري للنشر.

بحري، محمد عبدالله. (2007)، تطور نظم الحكم في الجزيرة العربية منذ بداية العصور التاريخية حتى القرن الثالث ق.م.، أبو ظبي: هيئة أبو ظبي للثقافة والتراث.

جواد، حسن فاضل. (1999)، الاخلاق في الفكر العراق القديم، بغداد: بيت الحكمة.

الحصونه، نعيم الرضوى. (2019)، ملامح التوحيد في الديانة العراقية القديمة، لبنان: دار الفيجاء.

حنون، نائل. (2006)، حينما في العلى قصة الخليقة البابليه، دمشق: دار الزمان للطباعة.

الخشت،محمد عثمان. (2010)، تطور الأديان قصة البحث عن الاله، القاهرة: مكتبة الشروق الدولية.

الخفاجي، مزهر. (2014)، خصائص الشخصية عراقية والشخصية المصرية في التاريخ القديم، بغداد: بيت الحكمة قسم الدراسات التاريخية.

دغيم، سميع. (1995)، أديان معتقدات العرب قبل الاسلام، بيروت: دار الفكر اللبناني.

دياكوف، ف.-س.كوفاليف. (2000)، الحضارات القديمة، ترجمة: نسيم واكيم اليازجي، ج1، دمشق: الدار علاء الدين.

رشيد، عبدالوهاب حميد. (2004)، حضارة وادي الرافدين ميزوبوتاميا، بغداد: دار للثقافة النشر.

رشيد، فوزي. (1985)، الديانة المعتقدات الدينية(حضارة العراق)، ج1، بغداد: دار الحرية للطباعة.

رو، جورج. (1986). العراق القديم، ترجمة: حسين علوان حسين، ط2، بغداد: دار الشئوون الثقافية العامة.

الروس، نخبة من علماء. (2007)، المعجم العلمي للمعتقدات الدينية، تعريب و تحرير سعد الفشاوي، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتابة.

سالم، السيد عبدالعزيز. (2006)، تاريخ العرب قبل الاسلام، ج1، الاسكندرية: موسسة شباب الجامعة.

السامولك، سعدون محمود. (2002)، موسوعة الاديان والمعتقدات القديمة، ج1، عمان: دار المناهج للنشر والتوزيع.

السعدي، حسن محمد محى الدين. (2005)، تاريخ الشرق الادنى القديم(العراق-ايران-أسيا الصغري)، ج2، الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية.

ساكز، هاري. ( 1979)، عظمة بابل، ترجمة: عامر سليمان، الموصل: مدير مركز البحوث الاثارية و الحضارية جامعة الموصل.

ساكز، هاري. ( 2008)، عظمة أشور، ترجمة: خالد ايعد عيسى و احمد غسان سبانو، دمشق: دار ومؤسسة رسلان.

سعفان، كامل. (1999)، معتقدات اسيوية(العراق-فارس-الهند-الصين-اليابان)، د.ت: دار الندى.

سليم، أحمد أمين. (2002)، دراسات في تاريخ وحضارات الشرق الادنى القديم مصر والعراق، بيروت: دار النهضة العربية.

سليم، أحمد أمين. (2007)، حضارة العراق القديم، الاسكندرية: دار المعرفة الجامعة للطبع والنشر والتوزيع.

سليم، أحمد أمين. (2009)، دراسات في الشرق الادنى القديم(مصر– العراق- ايران)، بيروت: دار النهضة العربية.

سليم، غيث. (2011)، أكد و أور الثالثة، دمشق: للطباعة والنشر والتوزيع.

سليمان، عامر. (1983)، جوانب من حضارة العراق القديم(العراق في التاريخ)، بغداد: دار الحرية للطباعة.

سليمان، عامر. (1983)، العصر الاشورية(العراف في التاريخ)، بغداد: دار الحرية للطباعة.

شميل، ايف. (2005)، السياسة في الشرق القديم، ترجمة: مصطفى ماهر، القاهرة: المجلس الاعلى لثقافة.

الشيخلي، عبدالقادر عبدالجبار. (2014)، الوجيز في تاريخ الوطن العربي القديم، بغداد: دار وكتية عدنان.

صالح، عبدالعزيز. (2012)، الشرق الادنى القديم، ج1، المصرية: مكتبة الانجلو المصرية.

صليبا، جميل. (1982)، المعجم الفلسفي، ج1، بيروت: دار الكتبا للبناني.

الطعان، عبدالرضا. (1981)، الفكر السياسي في العراق القديم، بغداد: دار الرشيد للنشر.
طقوش، محمد سهيل. (2011)، موسوعة الحضارات القديمة(مجموعة من المختصين)، بيروت: دار النقاش.
علي، فاضل عبدالواحد. (1973)، عشتار وتموز جذور معتقدات الخاصة بهما في حضارة وادي الرافدين، بغداد:سومر، جزء1-2.
علي، فاضل عبدالواحد. (1985)، الادب(حضارة العراق)، ج1، بغداد: دار الحرية للطباعة.
عصفور، محمد ابو المحاسن. (د:ت)، معالم تاريخ الشرق الادنى القديم، الاسكندرية: مطبعة المصرى.
عصفور، محمد ابو المحاسن. (د.ت)، معالم الحضارات الشرق الادنى القديم، بيروت: دار النهضة العربية.
فخري، أحمد. (1963)، دراسات في تاريخ الشرق القديم، ط2، القاهرة: مكتبة الانجلو مصرية.
فرنكفورت، هـ . وآخرون. (1980)، ماقبل الفلسفة، ترجمة: جبرا ابراهيم جبرا، ط2، بيروت: الموسسة العربية للدراسات والنشر.
فرزات و مرعي، محمد حرب و عيد مرعى. (1994)، دول و حضارات الشرق العربي القديم، دمشق:دار طلاس.
فياض و مراد، عامر حسن و علي عباس. (2005)، اشكالية السلطة في تأملات العقل الشرقي القديم و الاسلامي الوسيط، بغداد: دار السؤون الثقافة العامة.
قاشا، سهيل. (2008)، تاريخ الفكر في العراق القديم، لبنان: مكتبة السائح.
قاشا، سهيل. (2010)، عراق الاوائل حضارة وادى الرافدين من 5000-500ق.م، بيروت: العارف للمطبوعات.
القيسي، محمد فهد. ( 2011)، تداول السلطة في العراق القديم ابال الآلف الثالث قبل ميلاد، دمشق: تموز للطباعة والنشر التوزيع.
كريمر، صموئيل نوح. (1971)، الآساطير السومرية، ترجمة: يوسف داود عبدالقادر، بغداد: مطبعة المعارف.
كريمر، صموئيل نوح. (1973)، السومريون(تأريخهم وحضارتهم وخصائصهم)، ترجمة: فصيل الوائلي، الكويت: وكالة المطبوعات.
لابات، رينيه. (1988)، المعتقدات الدينية في بلاد وادي الرافدين، ترجمة:الاب البير ابونا و وليد الجادر، بغداد: مطبعة جامعة بغداد.
ماتفييف، ك. و أ.سازونوف. (1991)، حضارة ما بين النهرين، ترجمة: حنا أدم، دمشق: مطبعة دار المجد.
محمدسعيد، عماد عبدالقادر. (2022)، لمحات من تأريخ وفلسفة الديانة الزرادشتية، دهۆك: مكتبة كازي.
الماجدي، خزعل. (2017)، الادب السومري، لبنان: بيسان للنشر.
منظور، ابن. (1303هـ)، لسان العرب، ج17، القاهرة: المطبعة الميرية.
ميغولفسكي، أ.س. (2009)، اسرار الالهه والديانات، ترجمة: حسان ميخائيل، ط4، دمشق: منشورات دار علاء الدين.
النشار، مصطفى. (2014)، مدخل جديد الى فلسفة الدين، القاهرة: الدار المصرية اللبنانية.
نعمة، حسن. (1994)، موسوعة ميثولوجيا واساطير الشعوب القديمة ومعجم اهم المعبودات القديمة، بيروت: دار الفكر اللبناني.
الوجيز، المعجم. (2009)، من اصدارات مجمع اللغة العربية بالقاهرة، القاهرة: الهيئة العامة لشئون المطابع الاميرية.
يحيي، لطفي عبدالوهاب. (1979)، العرب في العصور القديمة مدخل حضاري في تاريخ العرب قبل الاسلام، ط2، بيروت: دار النهظة العربية.
يحيى، اسامة عدنان. (2015)، الالهة في رؤية الانسان العراق القديم دراسة في الاساطير، بغداد: اشوربانيبال للنشر.

### 2.8. سەرچاوەکانی بە زمانی کوردی

شاکر، محمود. (2000)، پوختەی مێژوووی شارەستانیەتەکان، و: موسی محمد و نیهاد جلال، ب1، سلێمانی: چاپخانەی گەنج.
میرۆپ، مارك فان دی. (2018)، ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن لە دەوروبەری3000 بۆ323پ.ز، و:علی نادر، سلێمانی: چاپخانەی تاران.
هەرشەمێ، شاسوار. (2018)، مێژووی ئارامیەکان لەکوردستان، سلێمانی: چاپخانەی تاران.

### 3.8. سەرچاوەکان بە زمانی بیانی

Benite, G., (1969), Enki and Ninmah and Enki and the world Order, London.
Black, J.& Green, A., (1992), Gods Demons and Symbols of Ancient Mesopotamia, London.
Bottero, J., (2001), Religion in Ancient Mesopotamia, Chicago.
Frankfort, H., (1949), The kingship and Gods, Chicago.
Jacobson, Th., (1976), The Treasures of Darkness A History of Mesopotamia Religion, London.
Porter, B.N., (1997), One God or Many Concepts of Divinity in the Ancient World, New York.
Rogers, R.W., (1908), The Religion of Babylonia and Assyria Especially in its Relation Israel, New York.
Van buren, E.D.,( 1943) "Concerning the Horned-cap of the Mesopotamia Gods"Vol.12.
Jacobson,T., (1943), Primitive Democracy in Ancient Mesopotamia, Jnes, Vol.2, No.3, Chicago.

### 4.8. تێزە زانکۆیەکان

الحسيني، خالدموسي. (2002)، القانون وادارة الدولة في وادي الرافدين، أطروحة دكتوراه غيرة منشورة، جامعة بغداد، كلية الاداب.
عبدالصمد، رافدة عبدالله. (2008)، كردستان العراق في التاريخ القديم في ضوء المصادر المسمارية من الالف الثالث ق.م حتى 612 ق.م، اطروحة دكتوراه غيرة منشورة، جامعة السليمانية، كلية العلوم الانسانية.
عبدالمحسين، حسين عليوي. (2015)، وظائف الالهه في بلاد الرافدين، اطروحة دكتوراه غيرة منشورة، جامعة بغداد، كلية الاداب.

### 5.8. گۆڤارەکان

گۆڤارەکان بە زمانی عەرەبی

باقر، طه. (1946)، "ديانة البابليين والاشوريين"، بغداد: مجلة سومر، المجلد2، ج1.
العبدالله، مراد. (2000)، "دورالمعبد مؤسسة المعبد في التاثير على صنع القرار في تاريخ بلاد وادى الرافدين من بدايات التدوين حتى سقوط مدينة بابل سنة 539ق.م"، اربيل : مجلة شانەدر، العدد12.

گۆڤارەکان بە زمانی کوردی

عبدالله و رضا، محمدأمين علی و حلمی رسول. (2019)، "نمونە گەلێکی پەرستراوەکان لە بڕوای ئایینی عێراقیە دێرینەکان و هاوتاکانیان لە جیهانی دەوربەر"، ڕانیە: گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە2، بەرگی6.

**دور الآلهة في السلطة السياسية في العراق القديم**

**ملخص:**

يركز هذا البحث المعنون (دور الآلهة في السلطة السياسية في العراق القديم) على الجانب الديني في العراق القديم، مع تأثير وانعكاس الدين على الملوك والنظام السياسي في هذه الحضارة، في فترات تاريخية متعاقبة، مما يبين لنا أن الحكام عبر التاريخ استخدموا الدين لمصلحتهم الخاصة واستولوا على السلطة بحجة انتخابهم من قبل الآلهة التي نزلت قوتها من السماء على سياسة هذه الحضارة .ويتكون البحث من مقدمة وثلاثة فصول وقائمة المصادر، حيث تناول الفصل الأول (الدين)، أما الفصل الثاني فقد ركز على أهم الآلهة المؤثرة في العراق القديم، أما الفصل الثالث فقد ركز على دور الآلهة في السلطة السياسية في العراق القديم.مع النتائج التي ظهرت من خلال هذا البحث.

**الكلمات الدالة:** الأديان، الآلهة، السياسية، التقديس، الملوك.

**THE IMPACT OF GODDS ON POLITICAL POWER IN ANCIENT IRAQ**

**ABSTRACT:**

This research, titled "The Impact of Godds on Political Power in Ancient Iraq," delves into the connection between religion and political authority in ancient Iraq. It explores how religion influenced kings and the political systems across different historical periods in ancient Iraq. The study highlights how rulers utilized religion to justify their authority, claiming divine endorsement to legitimize their political control over the civilization. The research is structured with an introduction, three sections, and a list of sources. The first section explores the role of religion, the second part delves into the significant gods in ancient Iraq, and the third section investigates how gods played a crucial role in shaping political power in this ancient civilization. The study concludes by presenting key findings.

**KEYWORDS:** Religion, Gods, Politics, Holiness, Kings.